# ئەوە وشەیەکی هەقە کە جنۆکەکان بە نهێنی گوێی لێدەگرن ودەیخەنە گوێی دۆستەکانیانەوە

له‌ عائیشه‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- ده‌ڵێت: كه‌سانێک پرسیاریان له‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- كرد سه‌باره‌ت به‌ جادووگه‌ره‌كان (كاهینه‌كان)، ئه‌ویش فه‌رمووی: «هیچی وا نین كه‌ حسێبیان بۆ بكرێت.»، ووتیان: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا ئه‌وان جاری وا هه‌یه‌ هه‌ندێک قسه‌ ده‌كه‌ن ڕاست ده‌رده‌چێت؟ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: «ئه‌وه‌ وشه‌یه‌كی هه‌قه‌ كه‌ جنۆكه‌كان به‌ نهێنی گوێی لێده‌گرن وده‌یخه‌نه‌ گوێی دۆسته‌كانیانه‌وه‌ ، وئه‌م جادووگه‌رانه‌ سه‌د درۆ تێكه‌ڵ به‌و قسه‌ بیستراوه‌ ده‌كه‌ن».

[سه‌حیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان له‌سه‌ری]

پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێكرا سه‌باره‌ت به‌ ئه‌وانه‌ی باسی غه‌یب وڕووداوه‌كانی داهاتوو ده‌كه‌ن، فه‌رمووی: پشتگوێیان بخه‌ن وهیچی وانین، وقسه‌كانیان به‌هه‌ند وه‌رمه‌گرن، وگرنگیان پێمه‌ده‌ن. ووتیان: هه‌ندێک كات قسه‌كانیان به‌پێی ڕاستی ڕووداوه‌كانه‌، وه‌كو ئه‌وه‌ی ده‌ڵێن له‌ فڵان مانگ ئاوا وئاوا ده‌بێت، وڕووده‌دات به‌و شێوه‌یه‌ی ئه‌وان باسیان كرد. پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: جنۆكه‌كان قسه‌یه‌ک ده‌دزن له‌ باسه‌كانی ئاسمانه‌كان، وداده‌به‌زن بۆ لای دۆسته‌كانیان له‌ كاهین وفاڵگره‌وه‌كان ؛ وئه‌وه‌ی بیستوویانه‌ بۆیانی ده‌گێڕنه‌وه‌، پاشان كاهینه‌كه‌ سه‌د درۆ زیاد ده‌كات بۆ ئه‌م باسه‌ بیستراوه‌ له‌ ئاسمانه‌كانه‌وه‌.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee